# سەرکەووتنی کۆنگرە هەنگاوێکە بەرەو سەربەخۆیی

بڕیارە دوو کۆنگرە بۆ سەربەخۆیی کوردوستان لە سلیمانی و لە لەندن ببەسرێت ئەم دوو کۆنگرەیە کە یەك ناوەڕۆکیان هەیە و ئامانجی کۆکردنەوەی دەنگی خەلکو داڕشتنی بەرنامەی تۆکمەو ئاڕاستەکردنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورەیە لە دەوری شیعاری ڕیفراندۆم پێش هەلبژاردن و سەربەخۆیی کوردوستان . گرنگی ئەم کۆنگرەیە بە ڕەئی من لە دوو ڕووەیە . یەکەم بۆ یەکەم جارە کۆنگرەیەکی لەو جۆرە بۆ خواستی سەربەخۆیی کوردوستان ببەسترێت کە دیارە خواستی سەربەخۆیی لە ئێستا بۆ خەلکی کوردوستان خواستێکی سیاسی و ئینسانیە . دووەم بۆ یەکەم جارە خەلکی کوردوستان لە کۆنگرەیەکی ئاشکراو کراوەدا لەسەر چارەنووسی خۆی قسە بکات و بڕیار و ڕێگاچارەی دەست کردی خۆی بخاتە دەستوریەوە بە پێچەوانەی هەموو ئەو کۆبونەوەو کۆنگرانەی کە ئەحزابە قەومی و ئیسلامیەکان بە دوور لە چاوی خەلکەوە ئەنجامیان داوەو دواتریش ئەنجامی دەدەن . کۆنگرەی سەلاحەدین کۆنگرەی لەندەن کۆنگرەی ناصریە لەگەلّ سەدان کۆبوونەوەی پەرلەمان ومەجلیسی حوکم و سەرکردایەتی ئەحزاب لە گەلّ دەیان سەردانی وولاتانی سەرچاوەی هەموو کێشەو بارگرانیەکی سەر ژیان و ئایندەی خەلك . کێ بۆ یەکجاریش ئاگادار بوو کە ئەمانە خەریکی چین و چ پرۆژەو چ ئایندەیەکیان بۆ خەلکی پێیە . ئەمانە کەی بۆ یەکجاریش ڕاستیان بە خەلك ووت کەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکانیان بەبێ فریودان بۆ یەکجاریش ئاشکرا کرد . کۆبونەوەو کۆنگرەکانی ئەمانە بۆ دابەش کردنی پارە و داهات ودەسەلات وبەشە لەگەلّ ڕێکەووتن لەسەرچەواشە کردن و سەرکوتی ئیرادەی خەلك . کۆنگرەی سلیمانی و لەندەن بۆ سەربەخۆیی کوردوستان ئەتوانێت ئەو جێگا چارەنووس سازە بێت کە بڕیاری دروستی لیوە بدرێت بۆ چۆنیەتی هەنگاونان بەرەو وەگەڕ خستنی ئیرادەی خەلکی کوردوستان و قایل نەبوون بە پلە دووی کۆتای هێنان بە یاری کردن بە چارەنووسی خەلکی کوردوستان لە لایەن ئەحزا بی قەومی کوردەوە . سەرکەووتنی ئەم کۆنگرەیە لە گرەوی بەشداری فراوانی خەلك و هەموو ئینسانە پڕ مەسئولیەتانەیە کە خۆیان بە بەرپرسی ژیان و گوزەرانی خەلکی کوردوستان دەزانن. سەرکەووتنی ئەم کۆنگرەیە لەگرەوی ڕاکێشانی پشتیوانی جەماوەریە بۆ ئاگادار بوون لە کۆنگرە و ڕووداو ئەو کارانەی کە پەسەند دەکرێن سەرکەووتنی کۆنگرە لە گرەوەی بەشداری ئێمەدایە بەهەر جۆرێك کە پێمان دەکرێ و دەبێت ئەو کارانە بە کەم نەگرین. کۆمەکی مالی , نامەی پشتیوانی , ووتار , بلاّو کردنەوەی بلاوکراوەو ڕاگەیاندنەکانی کەمپین , سازدانی فەزای سیاسی بۆ قسەکردن لەسەرچارەنووسی سیاسی کوردوستان و دەیان جۆری تر لە پشتیوانی و هاوکاری ئەمانە ئەتوانن گرنتی سەرکەووتنی کۆنگرەمان بۆ بکات و کۆنگرەی سەرکەووتووش دەتوانێت هەنگاوێك لە سەربەخۆیی نزیکمان بکاتەوە . ڕابەرانی کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردوستان بۆ ئەم ئەرکە سیاسی و ئینسانیە ئامادەیەو متمانەی پشتیوانی خەلکی کوردوستانی پێیە .

سەرکەووتوو بێت کۆنگرەی سلیمانی و لەندەن

بەرەو نواندنی ئیرادەو یەکخستنی ڕیزەکانمان

بەرەو کوردوستانی سەربەخۆ

هیدایەت مەلا عەلی